## ژوری توێژینەوەکان
### سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد

گەیلان عەباس-جەبار ئەحمەد



نیسانی ٢٠٢١

## نوسین و ئامادەکردنی

## گەیلان عەباس – جەبار ئەحمەد

Email: research.gorran@gmail.com


## نیسانی ٢٠٢١

## پێڕست


پێشەکی ..... ٣
بەشی یەکەم..... ٦
یەکەم. چەمکی جینۆسایدوئەنفال..... ٧
دوەم. چەمکی ئەنفال وەک مێژوو ..... ١٠
سێهەم. کۆمەڵکوژی کورد لەسەردەمی بەعسدا ..... ١١
بەشی دوەم..... ١٤
یەکەم: دەستپێکی پرۆسەی ئەنفال..... ١٥
دوەم: قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال ..... ٢١
سێهەم: لێکەوتەو زیانەکانی پرۆسەی ئەنفال ..... ٢٦
بەشی سێهەم ..... ٣١
تاوانبارو تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال..... ٣٢
ناوی تۆمەتبارانی ئەنفال..... ٣٤
ڕۆڵی جاشەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا..... ٤٠
ڕاسپاردەکان ..... ٤٩
دەرئەنجام ..... ٥٢
وێنەو بەڵگەنامەکانی ئەنفال ..... ٥٣
سەرچاوەکان..... ٨٠

## پێشەکی

ئەنفال یەکێکە لە گەورەترین ئەو تاوانانەی، لە لایەن رژێمی بەعسەوە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامدرا. ئەنفال پرۆسەیەکی نەخشە بۆ دارێژراوی رژێمی بەعس بو، بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی نەتەوەی کوردو گشت ئاسەوار و شوێنەوارێکی کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی و ئابوری و کلتوری کۆمەڵگەی کوردی. ئەم پرۆسەیە لە ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە هەشت قۆناغدا، شەش ناوچەی جوگرافیای جیاوازی کوردستانی گرتەوەو تیایدا زیاتر لە ١٨٢ هەزار هاولاتی کوردی کردە قوربانی و ژمارەیەکی زۆریش بێسەروشوێن کران. پرۆسەی ئەنفال زیاتر لە ٢٠٠ رۆژ بەردەوام بو، سەرجەم قۆناغەکانیش لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ پاش روخاندنی سەرجەم گوندەکانی کوردستان کۆتایی پێهات.

ئێستا لەدوای تێپەڕبونی ٣٣ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە گەورەیەدا، هێشتا بەشێک لە کەسوکاری ئەنفالکراوان، چاوەڕێی هێنانەوەی روفاتی کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان و بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفالن. داواش دەکەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم تاوانە لەسەر ئاستی جیهان بە جینۆساید بناسێنێت و وەک کەیسێکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

❖ گرنگی توێژینەوەکە

ئەنفال یەکێکە لەڕوداوە گرنگە مێژوییەکان لەباشوری کوردستان، لەماوەی چەند سەدەی ڕابردودا وەک روداوە گرنگەکان هێندە کاریگەری هەبوە، کە بوەتە خاڵی جیاکەرەوەی قۆناغەکانی پێش خۆی، هاوکات رۆڵی هەبوە لەڕەنگ ڕێژکردنی مێژوی گەلی کورددا. ئەم ڕوداوە نەک هەر بۆ گەلی کوردو بزوتنەوەی رزگاری خواز، بۆ تەواوی جیهان ڕوداوێکی ڕاچڵەکێنەر بوو لەو کاتەدا، گەلی کورد لەسەردەستی حکومەتی عیراق ڕوبەڕوی جینۆسایدێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بویەوەو هەوڵی سڕینەوەی ئەدرا لەسەر خاکی کوردستان، ولاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەریەکەیان لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە بەپێی هەلومەرجی ڕۆژگار مامەڵەیان لەگەڵ ڕوداوەکەدا دەکرد، هیچ دەوڵەتێک یان زلهێزێکی دەرەکی ئامادە نەبو لەسەر ئەو ڕوداوانە گوێ لەسکالاو داخوازیەکانی گەلی کورد بگرێت. بەو هۆیەوە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس رۆژانە لەدژی گەلی کورد لەهەڵکشان و بەردەوامیدا بون .

❖ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

توێژینەوە لەسەر بابەتێکی گرنگی وەک پرۆسەی ئەنفال پێویستیەکی گرنگی ئەم سەردەمەیە لەپێناو

هەڵوێستە کردن لەسەر ئەو ڕوداو کارەساتە تراژیدیە کەلەو قۆناغەدا ڕوبەڕوی گەلی کورد بۆتەوە، ڕودانی کارەساتەکە کاریگەری و لێکەوتەکانی جێگەی تێڕامان و لێ ورد بونەوەن، چونکە گەلێک هۆکاری نادیار لەپشت پرۆسەکەوە بون، ڕودانی کارەساتەکەش کاریگەری قوڵ و بەرچاوی لەسەر خەڵک و خاکی ناوچەکەو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان و دۆزی کورد هەبوە لەناوەندە نێو دەوڵەتیەکاندا، خواستی ئێمەش ئەوەبوو لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە بەوردی پەنجە بخەینەسەر هۆکارو دەرنجامی ڕوداوەکە.

❖ میتۆدی ئەم توێژینەوەیە

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵمانداوە زۆرترین کەرەستەو زانیاری لەسەربابەتەکە کۆبکەینەوە ، پاشان زانیاریە کانمان بەراورد کردوە بەیەکتری و هەڵسەنگاندنمان بۆ کردون، دواتر ڕاستیە مێژوویەکانمان لێ دەرهێناون، کەبۆ نوسینی توێژینەوەکە بەکەڵکبون، پێکەوە گرێمان داون. ڕونتر بڵێین ئێمە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕێباز و میتۆدی مێژویی و شیکاری هەڵهێنجانمان گرتوەتە بەر.

❖ سنوری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیەسەرنجی خستوەتەسەر پرۆسەی ئەنفال، لەناوچەکانی کوردستان بەگشتی و لەڕوی سنوری جوگرافیەوە دۆڵی جافایەتی، شارباژێڕ، مەرگەو پشدەرو قەرەداغ، تەواوی گەرمیان شارەزور و هەورامان پێنجوێن گۆپتەپە عەسکەر دەشتی هەولێر بالیسان باڵەکەیەتی و بادینانی بەتایبەتی.

❖ ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتیە لەناساندنی ئەنفال وەک پرۆسەیەکی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی کورد، لەگەڵ دەرخستنی لێکەوتەو کاریگەرییە خراپەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفالە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمانداوە بابەتەکە دابەش بکەین بەسەر چەند ئامانجێکی تایبەتدا، تیایدا چەند پرسیارێکمان وروژاندوە، بۆئەوەی لەڕێگەی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەوە وەڵامی ئامانجە گشتیەکەمان دەست بکەوێت. لەوانەش"

- جینۆسایدو پرۆسەی ئەنفال؟
- خوێندنەوەیەک بۆچەمکی ئەنفال لەڕوی مێژویەوە؟
- مێژوی کۆمەڵکوژی کورد لەسەردەمی بەعسدا؟

- قۆناغەکانی ئەنفال و ناوچە ئەنفالکراوەکان؟
- کاریگەری پرۆسەی ئەنفال لەسەر خێزانە ئەنفال کراوەکان؟
- ناوی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال؟
- لێکەوتەو زیانەکانی ئەنفال؟

❖ کێشەی توێژینەوەکە

نەبونی سەنتەری توێژینەوەی زانستی، کەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر پرۆسەی ئەنفال، نەبونی دیکۆمێنتی زانستی، نەبونی هۆشیاری تاک لەسەر پرۆسەی ئەنفال، نەبونی داتایەکی دروست لەسەرزیانەکانی پرۆسەی ئەنفال دیارترین ئەو کێشانە بون کەهاتونەتە بەردەممان لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا.

❖ شیکردنەوەی گفتوگۆی زانیاری و ئەنجامەکان

ئەو زانیاریانەی بەکارمان هێناون زانیاری سەرەتای بون، ڕێکمان خستون بەشێوازێکی ڕون دامان ناون لەناو توێژینەوەکەدا. هاوکات سود وەرگیراوە لەو زانیاریانەی، لەلایەن دەزگاحکومی و ناحکومیە کانەوە باوەڕ پێکراون و دەربارەی ئەنفال بڵاوکراونەتەوە.

یەکێک لەو زانیاریانەی توێژەر بەکاری هێناوە لەتوێژینەوەکەدا زانیاریە لەسەر دانیشتوانی ئەنفال کراو ئاماری وردی قوربانیەکان بەڵام داتایەکی وردی قوربانیانی دەست نەکەوتوە. لەبەر گەلێک هۆکار لەوانە تێکەڵ بونی خەڵکی تر دانانی بەشەهیدو قوربانی ئەنفال، نەزانینی ژمارەی بێسەرو شوێن کراوان بەوردی دابەش بونی قوربانیەکان لەناو هێزە سیاسیەکاندا بەتایبەتی، لەگەڵ جەندین هۆکاری دیکە.

# بەشی یەکەم

## یەکەم. چەمکی جینۆسایدوئەنفال

سەرەتایی بەکارهێنانی زاراوەی (جینۆساید) لەبەرامبەر پرۆسەکانی قڕکردن و کۆمەڵکوژیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم چەمکە ئەوکات خرایە ناو یاسای سزای نێودەوڵەتییەوە، ئەمەش دوای پشتگوێ خستنی سادەترین ماف کە مافی ژیانە، وەک ئەوەی کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە ساڵی (١٩٨٤)دا لە بەندی سێهەمدا باسی لێوە کراوە. (هەژار عەزیز سورمێ، لا٢٠).

چەمکی جینۆساید (Genocide) وەک زاراوە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەم بریتییە لە (Genos) کە وشەیەکی گریکییەو بەواتای رەگەز یاخود بنەچە بەکارهاتووە، دووەمیش (Coeder) کە وشەیەکی لاتینییەو بەواتای (کوشتن) یاخود (فەوتاندن) بەکارهاتووە. (د.مارف عومەر گوڵ، لا٢١). بە لێکدانەوەی هەردوو بڕگەکەش واتای (لەناوبردنی رەگەز یاخود بنەچە) دەگەیەنێت، کە پەنای بۆ براوە بۆ لەناو بردنو لەریشەوە دەرهێنانی (نەتەوە یان ئەتنیک یان ئاین..هتد)ی جیاواز لەڕێگەی تاوانێکی بەبەرنامە بۆ داڕێژارو ڕێکخراو کە لە کۆتایدا مەبەست لێی کوشتن و فەوتاندنەو هیچ پاساوێکی سیاسی هەڵناگرێت. (ئەحمەد فاتیح محمد، لا١٤-١٥).

کارەساتە تراژیدییەکانی ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیو تاوانەکانی رژێمی نازیزم، وایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە هەنگاوبنێت بۆ دوبارە نەبونەوەی کردەی کۆمەڵکوژی و دانانی ڕێوشوێنی یاسای بۆ سزادانی ئەوانەی بەو کردەوانە هەڵدەستن، یەکەم هەنگاوی کردەنیش لە ١٩٤٦/١٢/١١دا لە ژێر بڕیاری ژمارە (٩٦)دا گیرایەبەر لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لەڕێی ئەم بڕیارەوە کردەی کۆمەڵ کوژیو جینۆسایدو ڕەشە کوژی ئیدانە کرا. (د.جاسم تۆفیق، لا٨). دواتر لە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٤٨دا ڕێکەوتن نامەی (قەدەغە کردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی تاوانباران) لە لایەن (کۆمەڵەی گشتی) نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراو ساڵی ١٩٥١ چووە بواری جێبەجێکردنەوە (ئەحمەد فاتیح، لا١٧). ئەم پرۆژەیەش ناوی لێنرا پرۆژەی کۆنفینسیۆن (Convention). ئەم پرۆژەیە لە ماددەی دووەمیدا بەم جۆرە پێناسەی پرۆسەی جینۆسایدی کردووە کە بریتییە لە :

١. کوشتنو قڕ کردنی ئەندامانی (کۆمەڵە یان ئاین یان رەگەز..)ێک ناو دەبرێت بەجینۆساید.
٢. ئازاردانی مەترسیداری جەستەی یان دەرونی، یاخود فیکری ئەندامانی گروپو کۆمەڵەیەکی دیاریکراو.
٣. زیان گەیاندنی مەبەستدارو هێنانە ئارای ڕەوشێک بۆ لەناوبردنی جەستەیو قڕکردن.
٤. سەپاندنی ڕێوشوێنێک کە بێتە هۆی دروست بونو هێنانە ئارای دیاردەی نەزۆکی لەنێو

کۆمەڵەیەکدا.

٥. گواستنەوەی زۆرە ملێی منداڵان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر. (د.جاسم تۆفیق، لا٨-٩).

لێرەوە دەردەکەوێت کە پرۆسەی جینۆساید بەچەند جۆر و شێوەیەک لەخۆی دەگرێت، لەوانەش جینۆسایدی (فیزیکی و بەدەنی و جەستەیی، بایلۆجی، کەلتوری (نەتەوەیی)، ئابووری ...) لێرەدا هەوڵدەدەین پێناسەکانیان بۆ بخەینەروو:

١.جینۆسایدی جەستەیی: بریتیە لە کوشتن و لەناو بردنی تاکەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ.

٢.جینۆسایدی بایلۆجی: بریتیە لەڕێگری کردن لەوەچە خستنەوەو زۆر بون، یان ڕێگری لەگەشەسەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەک ڕەگەز، بەهۆی نەزۆک کردن و لەباربردنی ئافرەت، خەساندنی پیاوان لێکجیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆماوەیەکی درێژ.

٣.جینۆ سایدی کلتوری: قەدەغەکردنی زمانی زگماک و شێواندنی مێژو کلتوری کۆمەڵە مرۆڤێک، یان سڕینەوەی شارستانیەت و مێژو دەگرێتەوە.

٤.جینۆسایدی ئابوری: برتییە لەبرسی کردنی کۆمەڵێک خەڵک، یان تەخت کردنی کێڵگە کشتو کاڵییەکان، لەناو بردنی سەرچاوەی ئاو ڕێگە گرتن لەکار کردن بۆ پەیداکردنی بژێوی لەناو بردنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان (د.مارف عومەر گول، لا٢٣-٢٤).

بەگشتی پرۆسەی جینۆساید هەروەک هەندێک بۆی دەچن لە لایەن کۆمەڵێک یان گروپێک دژی کۆمەڵێکی دیکە ئەنجام دەدرێت، دەشگوترێت کۆمەڵێک مەرج نییە تەنها تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە بەم پرۆسەیە هەستابن، چونکە زۆر جار تاکەکان لە ڕێی داموو دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەتو لە ڕێی سوپاوە دەزگا نهێنییەکانی دەوڵەتەوە ئەم پرۆسەیە بەئەنجام دەگەیەنن کە لە ناو ئەو پێکهاتەو دەزگایەشدا نەتەوەو لایەنو ڕەگەزێکی دیاریکراو باڵا دەستن. (ئەحمەد فاتیح، لا١٧). بەواتا کۆمەڵێک لەپێناو چەند بەرژەوەندیەکی دیاری کراوی (ڕەگەزیو نەتەوەییو ئایینیو مەزهەبی..) لە دژی گروپو لایەنێکی دیکە بەئامانجی سڕینەوەو پاکتاوی لایەنی بەرامبەریان کاری لەسەردەکەن، خاڵێکی دیکە کە شایەنی ئاماژە پێدانە ئەوەیەکە کردەی ڕەشە کوژیو جینۆساید هەمیشە بەواتای لەناوبردنی یەکجارەکی سەرجەم ئەندامانی گروپێک یان گەلێک یان نەتەوەیەک ناگەیەنێت، بەڵکو هەر کردەوەیەک بچێتە چوارچێوەی ئەو پێنج خاڵەی کە لە بەندی دووەمی پرۆژەی (کۆنفیسنیۆن)دا باسی لێوە کراوە ئەو بەکردەی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی پێناسە دەکرێت. (د.جاسم تۆفیق، لا٩).

بەئاماژەکردن بۆ ئەو ناساندنە تیۆرییەی لەبارەی چەمکی جینۆساید و قرکردنی بەکۆمەڵ کەباسمانکرد، دەگەینە ئەوەی کەبڵێین ئەوەی هاونیشتیمانیانی کورد، لەسەر دەستی رژێمی بەعس لەماوەی سێ دەیەدا بەسەریاندا هات، دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەی جینۆسایدەوە، ئەوەش پشت بەست بەو پێوەرانەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەناساندنی پرۆسەی جینۆسایدا تیۆریزەیان کردوە. بەنمونە ئەوەی لە گەرمیان و گوندەکانی دەوروبەری ناوچە ئەنفال کراوەکان، بەرانبەر بەپێکهاتەی کورد ڕویداوە لە کوشتن و ڕفاندن و زیندە بەچاڵ کردن و فرۆشتنی کچان و منداڵان و تەختکردنی لادێ و گوندەکان، بریتی بوە لەهەوڵدان بۆ سڕینەوەی مۆرکی ئیتنیکی نەتەوەیەک، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەی جینۆسایدی نێو دەوڵەتیەوە. تەواوی خاڵ وبڕگەو مادەکانی بڕیارنامەی نێونەتەوەییەکانی بەسەردا دەچەسپێت.

هاوکات پێی ناوەرۆکی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی تاوانکارەکانی هاتوون لە "٩"ی دیسمبەری ساڵی ١٩٤٨ کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی گەلانەوە واژۆکراوە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بە ژمارەی (٢٦٠) واژۆکراوەو بڵاوکراوەتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو پەیماننامەیە دەتوانین زۆربەی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد "ئەنفالی ١٩٨٨ و گازبارانی هەڵەبجەو و پێشتریش کۆمەڵکوژی و راگواستنی کوردە فەیلیەکان ١٩٨٠ و کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانی و  بۆمبارانکردنی قەلادزێ ١٩٧٤ و راگواستنی پشدەرو دەوروبەری، راگواستنی قەزای سەید سادق، راگواستنی مەخمور، راگواستنی خەڵکی کوردنیشینی پارێزگای کەرکوک و گوندەکانی دەوروبەری کە لەساڵی ١٩٨٨رویاندا هەروەها بۆردومانکردنی ئۆردوگای زێوە بەگاز، کۆمەڵکوژی ئەشکەوتی دەکان و زۆری تر، دواترینیشیان "کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی لە قەزای شەنگال و دەوروبەری" بە جینۆساید بناسێندرێن، بە پێی ماددەی "٢"ی ئەو پەیماننامەیە کەبەم شێوەیە باس لەجینۆساید دەکات:

جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لەگروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی و ئاینی ئەنجام دەدرێت، بۆنمونە:

- ✓ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.
- ✓ زیان گەیاندنی گیانی یا ڕۆحی ترسناک بەئەندامانی گروپەکە.
- ✓ بەئەنقەست خستنە ناو بارودۆخێکی واوە کەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان تەواوی ئەندامەکانی. گروپە دەستنیشانکراوەکە. ( وەک ئەوەی لە زیندانی دوبزو نوگرەسەلمان رویدا)
- ✓ پێشگرتن لەزاوزێکردن (منداڵ بوون) لەنێو گروپەکە. (جیاکردنەوەی ژن و پیاو) کوشتنی پیاوەکان و هێشتنەوەی ژنەکان.

✓ دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپەکەوە بۆ ناو گروپێکیتر"جیاکردنەوەو هەڵواردن و دورخستنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان."

ئەگەر سەرجەم بڕگەو خاڵەکانی پێناسەکە بۆجینۆساید لێکبدرێتەوە، بەڕونی دەردەکەوێت کە زۆربەی پەلامارەکانی دژ بەگەلی کورد دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە. (ئەنفالستان، کورتە پێناسەیەک بۆ تاوانی جینۆساید).

دوای روخاندنی رژێمی بەعس، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنفالی بەجینۆساید ناساند، بەڵام ئەم دۆسیەیەی تائێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەجینۆساید نەناسێندراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دوای ٢٠ ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفال، بەبریارێکی پەرلەمانی کوردستان لە (١٤-٤-٢٠٠٨) و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە بریاری (١٣) لە ساڵی ٢٠٠٨، ئەنفالیان بە جینۆساید ناساند.

لەلایکی دیکەوە دوای ٦١ دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بریاری قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و بەجینۆسایدکردنی ئەنفال دەرچو. لیژنەیەکیش بۆ قەرەبوی کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستکراو و هەڵسەنگاندنی زیانەکانی ئەنفال بە ٨ ملیار دۆلار خەملێندرا. لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا راپۆرتەکە رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کرا، بەڵام بەبیانوی نەبونی پارەو بودجە کارکردن بەم پرۆژەکە راگیرا. لەکاتێکدا بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق لەمادەی ١١١ و ١١٢ی دەستوردا باس لەوەکراوە کەبەشێک لەداهاتی نەوتی عێراق بۆ زیانلێکەوتوانی سەردەمی رژێم دابین بکرێت. (ستارە عارف، لا ١٠٩-١١٠).

## دوەم. چەمکی ئەنفال وەک مێژوو

ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە. کۆی وشەی (نفل)ە، بە واتای (غنیمە) دێت، واتا دەستکەوت. (ستارە عارف، لا ١٧). زۆرێک لەزانایان لێکدانەوەی جیاواز بۆ سەرەتای بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال دەکەن لەروی زمانەوانیەوە لەنێو عەرەبدا. لای هەندێکیان ئەم زاراوەیە مێژوەکەی بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەپێیەی ئەنفال لای عەرەبەکان، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بەواتای تاڵانی جەنگ بەکارهێندراوە. مەبەستیش لەجەنگ و شەرکردن و شکاندنی دوژمن و گرتنی دیل و دەستخستنی سامان و ماڵ بوە. (هەمان سەرچاوە لا ١٧). لەلای عەرەب لەروی زاراوەیشەوە ئەنفال واتای زیادە دەستکەوت بوە، واتە ئەو دەستکەوت و ماڵ و سامانەی کەبەشەڕ لەبەرامبەر دەسەندرێت، لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلامدا ئەنفال جگە لەسامان و ماڵ و چەک و دارایی و ئافرەتیشی گرتوەتەوە. (یوسف دزەیی، لا٢٥). هەندێکی دیکەش ئەم چەمکە دەگێرنەوە بۆ دوای دەرکەوتنی

ئاینی ئیسلام، بەوپێیەی ئەم وشەیە لەناو قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتوەو ناوی هەشتەم سورەتی قورئانی پیرۆزە. لە تەفسیری ئەو گوزارشتەدا هاتوە کە پەروەردگار فەرمویەتی (یسألونک عن الانفال، قل الانفال لله و رسوله) ئەنفال بەواتای (غنائم) هاتوە. واتای قسەکە ئەوەیە: ئەی موحەمەد یاوەرانت لەبارەی ئەو دەستکەوتانەی لە شەڕی بەدردا بەدەستت هێناوە، لێت دەپرسن: بۆ کێیە؟ بڵێ بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی. (سامان کەریم ئەنفال، بەڵگەی جینۆسایدی نەتەوەیکە). ئەم مێژوەش دەگەڕێتەوە بۆساڵی دووەمی کۆچی، کاتێک جەنگی بەدری گەورە لەنێوان موسوڵمانان و بێباوەڕەکاندا ڕویدا. دوای سەرکەوتنی موسوڵمانان لەو جەنگەدا، خەریک بو کێشە لەنێوانیاندا دروست دەبو، لە سەر ئەو کەلو پەل و شمەکانەی کەلە سوپای بێباوەڕان جێ مابو، بۆچارە سەری ئەم کێشەیە خوای گەورە ئەم سورەتەی دابەزاند.

دواجار ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کەچەمکی ئەنفال لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر بەواتای دەستکەوتەکانی شەڕ بەکارهاتوە. لەعێراقیشدا دوای هەزار و ٤٠٦ ساڵ لەدابەزینی ئەو سورەتەی قورئان و لە شوباتی ١٩٨٨دا ئەو ناوە لە پرۆسەیەکی پاکتاویی کورددا بەکارهێنرا. نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق لەسەردەمی ئەنفالدا لە یاداشتەکانیدا لەبارەی ناونانی ئەنفال دەڵێت:"فەریق ڕوکن (کامل ساجت عزیز الجنابي) سەرکردەی فەیلەقی (یەک)ی سوپای عێراق، ناوی (ئەنفال)ی لەو پرۆسەیە ناوە، ئەوەش پشت بەست سورەتی (الأنفال) لە قورئانی پیرۆز (هەمان سەرچاوە).

## سێهەم. کۆمەڵکوژی کورد لەسەردەمی بەعسدا

لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێراندا، هێزە سەربازیەکانی دەوڵەتی عیراق لەهەر پەلامارێکدا بۆسەر ناوچە ئازاد کراوەکانی هێزی پێشمەرگە، لەکوشت و بڕو کیمیابارانی کورد سڵی نەدەکردەوە، لەهەر شوێنێکیش شکستی دەخوارد سەربازانی ڕژێم بەهاوکاری جاش و موستە شارەکان، تۆڵەی خۆیان لە هاووڵاتیانی بێتاوانی کورد دەکردەوە. بەتایبەت کەناوچەی ئازاد کراوەکانی پێشمەرگەی بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنا، ئەم ناوچە قەدەغە کراوانەش زۆر تر گوندو لادێ دورە دەستە کانی دەگرتەوە. کە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بون. (عەبدوڵا کەریم محمود، ٢٦٩).

بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال تەنها یەک ڕێگەیەمان لەبەردەمدایە، ئەویش ڕێگەی تێگەیشتنە لە (بەعس) بە بێ تێگەیشتن لە (بەعس) ناتوانین ئەنفال بەکۆی دیاردە مێژووی و کۆمەڵایەتی و دەرونیە کانی دیکەوە گرێ بدەینەوە. ئەنفال هەرهۆکارێکی هەبێت پێشتر ئەو هۆکارانە بەهەناوی(بەعسیزم)دا ڕابردون لەنێوەندی ئەو

هەناوەدا شێوەی نوێ مۆرکێکی تازەیان وەرگرتوە بونەتە بەشێک لە کەلتوری بەعس. (بەختیار عەلی، لا٩).

ئەنفال تەنیا پرۆسەی جینۆسایدی کتوپڕی کورد نەبو، بەڵکو ئەزمونێکی بەرنامە بۆداڕێژراو بوو، لەسەرنەخشەیەکی بەربڵاو بۆ لەناوبردن وتواندنەوەی ڕەچەڵەکی کوردو گۆڕینی رەگەزی کورد بۆ عەرەب و شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستان.

لەسەرەتای شەستەکانەوە گرتن و بێسەروشوێن کردنی مرۆڤی کوردو ڕوناکبیروخاوەن هەڵوێست و تێکۆشەری بێلایەن لەلایەن بەعسیەکانەوە بەشیوەی تاک و تەرا پەیرەوی لێکراوە. بەندیخانەکانی (قەسرو نهایە، نوگرە سەلمان، سجنی ژمارە (١) هیئەی کەرکوک، ئەبوغرێب، ئەمنی عامە، نەزیلیە لەدیالە، موسڵ، تکریت، هەولیر، دهۆک، حامیەو ئەمنە سورەکەی سلێمانی... دەیان شوێنی تر)، پڕکرابون لەو تێکۆشەرانە. ئەوەی ئەگیرا یان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدەدا، یاخود زیندە بەچاڵ دەکراو جارێکی تر نەدەبینرایەوە تەرمەکەشی ون دەکرا. (مەلا شاخی، لا٤٥).

کۆمەڵکوژی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعسیە کاندا لەساڵی (١٩٦٣) لەکوردستان سەری هەڵدا. حەرەس قەومییەکان لە (سلێمانی، کەرکوک، کۆیە، ڕەواندوز) دەیان هاونیشتمانی کوردیان گرت و زیندە بەچاڵیانکردن. لەسلێمانی (زەعیم سدیق) چەند هاونیشتمانیەکی لەناو ماڵەکانی خۆیان دەرهێناو بەبێ دادگایی گولە بارانی کردن. (وریا ڕەحمانی، لا٢٣).

لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٠-١٩٨٠)ڕژێمی بەعس بەپێی نەخشەیەکی دیاری کراو بەبیانوی جیاجیا دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی کوردە فەیلییەکاندا گرت و پەرتەوازەی کردن. دواتر ژمارەیەکی زۆری کوردە فەیلیەکانی گرت و گەنجەکانی شوێن بزرکردن و ژن و منداڵ و پیرو بەتەمەنە کانیانی ئاوارەی ئێران کرد. لەوچوارچێوەیەدا ئامارەکان دەڵێن زیاتر لە ٤٠ هەزار هاوڵاتی کوردی فەیلی ڕاگوێزراون، بۆ ئێران. ئەوەش بەبیانوی ئەوەی ڕەچەڵکیان ئێرانیە. تەنانەت لەدرێژەی ئەو پرۆسەیەدا ساڵی ١٩٨٠، بەپێی بڕیاری ژم ٦٦٦ مافی هاوڵاتی بونیان لەعێراقدا لێسەندرایەوە وەدەست بەسەر ماڵو سامانیان گیرا. ئەو گەنجانەیان کەتەمەنیان لەنێوان( ١٨ بۆ ٢٨) ساڵدا بو وەک دەست بەسەر لای ڕژێم مانەوە. ئەوانەی تریان ڕەوانەی ئێران کران. هەر بەپێی ئەو بڕیارە حکومەتی عێراقی بڕیاری دا هەرپیاوێکی عێراقی ژنەکەی فەیلی بێت دەبێت لێی جیابێتەوە. لەبەرانبەردا ٤٠٠٠ دیناری عێراقی پێدەدرێت، گەر سەرباز بێت. ئەگەر خەڵکی سڤیلیش بێت٢٥٠٠ دیناری پێدەدرێت. ئەم پرۆسەیە بەردەوام بو، تا لەساڵی١٩٨٠دا دا پێنج هەزار کوردی فەیلی بەکۆمەڵ لەناو بران. بەپێی ئامارێکی خاچی سور (٤٠٠٠٠٠) کوردی فەیلی بونەتە قوربانی ئەو

سیاسەتەی رژێمەکانی عێراق. (ویسی ساڵح ئەحمەد ئەمین .... لا٣٥بۆ ٤٠).

پرۆسەی جینۆسایدی کورد لەعێراق لەسەر دەستی رژێمی بەعس بەردەوام بو، ئەوەبو، لەساڵی (١٩٨٣) هەشت هەزار هاوڵاتی بارزانی بێسەرو شوێن کران. ئەمانە لەگوندەکانیان یان زێدی خۆیان ڕاگوازرابون بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکانی (قوشتەپە، هەریر، بەحرکە، دیانا) ساڵی ١٩٨٣ ڕژێم بەهێزێکی گەورەوە گەمارۆی هەردو کۆمەڵگای زۆرملێی قودس و قادسیەیدا لەشارۆچکەی قوشتەپە، کەبارزانیەکان تێیدا نیشتە جێ بون، دەستی کرد بەگرتنی سەرجەم پیاوانی ئەو کۆمەڵگایانە، کەتەمەنیان لەنێوان( ١٥بۆ ٩٠)ساڵیدا بو، ڕاپێچی کردن بەرەو شوێنی نادیار. لەهەمان ساڵدا پەلاماری کۆمەڵگە زۆرە ملێکانی بەحرکەو هەریرو دیانیدا، لەویش پیاوەکانی دەستگیر کردنو ڕاپێچی شوێن نادیارەکانی کردن، لەو پەلامارانەدا (٨٠٠٠) پیاوی بارزانی بێسەرو شوێن کران، هەندێکیانی لەسێدارەداو هەندێکیانی ڕەوانەی بیابانەکانی (ئەبو جەلدو ئەلیە بوسەیە)لەباشوری ڕوژئاوای عێراق کران و لەوێ بێسەروشوێن کران.

لەساڵی (١٩٨٨)دا پرۆسەی ئەنفال دەستیپێکردو سەرتاپای ئەو ناوچە ئازاد کراوانەی گرتەوە کەلەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بون ئەو ناوچانەش بریتی بون لە (دۆڵی جافایەتی ، شاربازێڕ، مەرگەو پشدەر قەرەداغ، تەواوی گەرمیان، شارەزور و هەورامان، پێنجوێن، گۆپتەپە، عەسکەر، دەشتی هەولێر، بالیسان، باڵەکایەتی و بادینان). ئەم پرۆسەیە گەورەترین وسامناک ترین پرۆسەی ئەنفال بوو کەچارەکە ملیۆنێک مرۆڤی کوردی بێتاوانی بێسەرو شوێن کرد .سەرەڕای زیانە مادیەکانی کەبەدەیان ملیۆن دینار، زیانی بەو ناوچانە گەیاند. (هەمان سەرچاوە، لا٣٩-٤٠).

# بەشی دوەم

## یەکەم: دەستپێکی پرۆسەی ئەنفال

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە بەرزترین دەسەڵاتی بەعس بوو لە عێراقداو خودی سەددام حسێن سەرۆکی بوو، بە فەرمانی ژمارە (١٦٠) لە رۆژی ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧دا بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفالی دەرکرد. هەروەها نوسینگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس نووسراوێکی بە ئیمزای (عەلی حەسەن مەجید) و بە ژمارە (٤٠٠٨) لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەرکردووە و تیایدا فەرمانی کردوە بە گرتنەبەری سیاسەتی زەوی سوتاو لە کوردستان و کوشتن و لەسێدارەدانی هەر کوردێک بەبێ دادگاییکردن کە لەگوندەکانی کوردستاندا ببینرێت و تەمەنی لەنێوان (١٥-٧٠)ساڵیدا بێت. (سامان کەریم، سەرچاوەی پێشو).

پرۆسەکە بەهەشت قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا و ماوەی نزیکەی حەوت مانگی خایاند (٩-٢-١٩٨٨ بۆ ٦-٩-١٩٨٨). پرۆسەیەکی سەربازی-سیاسی بوو، لەگەڵ کوشتن و زیندانی و شەڕدا، چەکی کیمیاویش بەکارهێنرا. دوای پرۆسەکە، دوو لەسەر سێی خاکی باشوری کوردستان بووە ناوچەی قەدەغەکراو. واتا، هەر کەسێک لەو ناوچانەدا ببینرایە، دەکوژرا. ئابووری و کشتوکاڵی کوردستان بەرەنجامی ئەو شاڵاوە لەبنەوە هەڵتەکێنرا. بەپێی هەندێک بەڵگەنامە و سەرچاوە و لێکۆڵینەوە. حکومەتی عێراق ئامادەکاری کردبوو بۆ ئەوەی پرۆسەی ئەنفال بەچەند قۆناغێکی تریش بەردەوامی پێبدات. بەڵام، قوڵبونەوەی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەکەنداوی فارس، بەتایبەت کوەیت، کە دواتریش شەڕی کوەیتی لێکەوتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی دواخستنی پرۆسەکانی تری ئەنفالی کورد دادەنرێت. (هەمان سەرچاوە).

لەدوای کۆتای هاتنی دواهەمین قۆناغەکانی ئەنفال، پرۆسەی دەستگیرکردن و کۆکردنەوەی هاووڵاتیان دەستپێکردو، سەرەتا لە شوێنی دەست گیرکردنیان لە سەنتەری ناحییەکان کۆدەکرانەوە، دواتر دەبران بۆ کامپی سەربازی تایبەت، دوای کۆکردنەوەشیان دەست دەکرا بەلێکجیاکردنەوەیان، بەپێی تەمەن و ڕەگەز بەم شێوەیە:

١. تەمەنی ١٢ ساڵ تا ٤٥ ساڵ
٢. تەمەنی ٥٠ ساڵ بۆسەرەوە
٣. ژن و منداڵ
٤. کچ بەجیا (محمد رەئوف، پاکیزەکانی ئەنفال، لا ٤٤)

لەدوای جیاکردنەوەیان پیاوەکان و گەنجەکان، بران بۆ گولەباران کردن و زیندە بەچاڵ کردن، ژن و پیاوە پیرەکانیش بۆ نوگرەسەلمان کچانیش زۆرێکیان فرۆشران.

لەگەڵ دەست پێکردنی پەلامارەکانی ئەنفالدا سەربازو جاشەکان سوکایەتیان بەکچان و ئەنفال دەکرد بەزۆر پارەو زێڕیان لێدەسەندن، ئاڵتونیان لەدەست و گوێیان دەکردەوە، بۆخۆیان دەیان برد، زۆرێک لەمنداڵ و ژن کرانە ژێر خۆڵ و زیندە بەچاڵ کران، لەبیابانەکانی خواروی عێراق. هاوکات ئەوانی دیکەش لەناو زیندانەکانی تۆپزاواو نوگرەسەلمان، ڕوبەڕوی دەست درێژی بونەوەو هەندێک لە قوربانیەکان شاهێدی ئەوە دەدەن کەدەست درێژی سێکسیان دیوە، لە ناو زیندانەکانی نوگرە سەلمان و تۆپزاوادا. هەندێکیش لەو کچ و ژنانە بازرگانیان پێوە کراو فرۆشران. چونکە بەعس وەک غەنیمەی جەنگ سەیری کردون، لەناوەندە عەرەبیەکانیشدا کوردیان بەکافر ناساندو سەروماڵ و ژنو کچیان حەڵاڵ کردن. (رێکار مزوری، لا٧٣).

سەرەڕای لێدان و ئەشکەنجە دان و ترساندنی ژنان وکچان ی کورد لەناو زیندانەکانی تۆپزاواو دبس و نوگرە سەلمان، بەپێی هەندێک گێڕانەوە زۆر لە کچانو ژنان ڕوبەڕوی دەست درێژی سێکسی بونەتەوە هەمو ئەو دەست درێژیانەش لەڕێگەی زۆر کردنەوەبون لەو پەڕی ئازارو نەهامەتیدا بون و گەورە ترین کارێگەری سایکۆلۆجیان بەجێ هێشتوە لەسەر قوربانیان، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەست درێژی بەیەکێک لە کارە قێزەونەکان هەژمار دەکرێت هەر بۆیە ئەو حاڵەتانەی لەلایەن بەندیەکانەوە دەگێڕدرێتەوە لەلایەن هیچ قوربانیەکەوە نەگێڕدراوەتەوە ئاماژەی پێنەکراوە. بەشی زۆری ئەو کەسانەشی ئەنفالکران و نەگەرانەوە لەرەگەزی مێ بون و تەمەنیان لەنێوان ١٢ بۆ ٣٠ساڵیدا بوە، دەربارەی چارەنوسی کچان و ژنە گەنجەکانیش، یان زیدەبەچاڵ کراون یان فۆشراون (محمد روف، پاکیزەکانی ئەنفال، لا١٠٠). ڕیکخراوی (میدڵ ئیست وۆچ) لەو بڕوایە دایە کەدەنگو باسی زۆر ترسناک هەیە لە بارەی کۆمەڵێک کچی گەنجەوە، گوایا لەلایەن ئەمنەکانەوە بەجیا لە بەندیەکانی تر دایان ناون و بەردەوام دەست درێژیان کراوەتە سەر. کارگەیشتوەتە ئەوەی یەکێک لەو ئافرەتانە خۆی کوشتوە.

قيادة مكتب تنظيم الشمال　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　التاريخ ش / ٤٠٠٨

١٩ / /　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　العدد ٢٠ / ٦ / ١٩٨٧

مكتب السكرتارية

من / قيادة مكتب تنظيم الشمال

الى / قيادة الفيلق الاول / قيادة الفيلق الثاني / قيادة الفيلق الخامس

م / التعامل مع القرى المحذورة امنيا "

بالنظر لانتهاء الفترة المعلنة رسميا "لتجميع هذه القرى والتي سينتهي موعدها يوم ٢١ حزيران ١٩٨٧ قررنا العمل بما يلي" من يوم ٢٢ حزيران ١٩٨٧ صعودا " بما يلي (١) جميع القرى المحذورة امنيا "والتي لم تزال لحد الآن اماكن لتواجد المخربين عملاء ايران وسليلي الخيانة وامثالهم من خونة العراق (٠) (٢) يحرم التواجد البشري والحيواني فيها نهائيا "وتعتبر منطقة عمليات محرمة ويكون الرمي فيها حرا "غير مقيدا "بأية تعليمات مالم تصدر من مقرنا (٠) (٣) يحرم السفر منها واليها او الزراعة والاستثمار الزراعي او الصناعي والحيواني وعلى جميع الاجهزة المختصة متابعة هذا الموضوع بجدية كل ضمن اختصاصه (٠) (٤) تعد قيادات الفيالق ضربات خاصة بين فترة واخرى بالمدفعية والسمتيات والطائرات لقتل اكبر عدد ممكن ممن يتواجد ضمن هذه المحرمات وخلال جميع الاوقات ليلا "ونهارا "— واعلامنا (٠) (٥) يحجز جميع من يلقى القبض عليه لتواجده ضمن قرى هذه المنطقة وتحقق معه الاجهزة الامنية وينفذ حكم الاعدام بمن يتجاوز عمره (١٥) سنة داخل صعودا "الى عمر (٧٠) سنة داخل بعد الاستفادة من معلوماته واعلامنا (٠) (٦) تقوم الاجهزة المختصة بالتحقيق مع من يسلم نفسه الى الاجهزة الحكومية او الحزبية

(( يتبع لطفا "))

لمدة اقصاها ثلاثة ايام واذا تطلب ... لمدة عشرة ايام لا بد من اعلامنا عن مثل هذه

الحالات واذا استوجب التحقيق ... مدة اطول يتم اخذ موافقتنا هاتفيا " او

برقيا "ومن طريق الرفيق طاهر العاني (٠) (٧) يحصر كل ما يحصل عليه مستشارو افواج

الدفاع الوطني والمقاتلون من الغنائم بحوزتهم مجانا "ما عدا الاسلحة الثقيلة والساندة والمتوسطة

باعداد

اما الاسلحة الخفيفة فتبقى لديهم ويتم اعلامنا باعداد هذه الاسلحة فقط وعلى قيادة —

الجحافل ان تنشط لتبليغ جميع المستشارين وآمراء السرايا والمفارز واعلامنا بالتفصيل

عن نشاطاتهم ضمن افواج الدفاع الوطني (٠) مكرر رئاسة المجلس التشريعي (٠) رئاسة

المجلس التنفيذي (٠) جهاز المخابرات (٠) رئاسة اركان الجيش (٠) محافظو (رؤساء

اللجان الامنية) نينوى، التأميم، ديالى، صلاح الدين، السليمانية، اربيل، دهوك .

(٠) امناء سر فروع المنطقة ... اعلاه (٠) مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (٠) مديرية

الامن العامة (٠) مدير امن منطقة الحكم الذاتي (٠) منظومة استخبارات المنطقة الشمالية

(٠) منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (٠) مدراء امن محافظات ـ نينوى ، التأميم

ديالى ، صلاح الدين ، السليمانية ، اربيل ، دهوك (٠) يرجى الاطلاع والتنفيذ كل ضمن

اختصاصه (٠) ابلغونا .

الرفيق

علي حسن المجيد


عضو القيادة القطرية امين سر مكتب تنظيم الشمال

پرسی فرۆشتنی کچانی ئەنفال لەلایەن رژێمی بەعسەوە، لێرەو لەوێ دەبیسترا، بەڵام بۆیەکەمجار ئەم بابەتە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بەئاشکراراگەیەندراو لەراپۆرتێکی بەرەی کوردستانی کە لەشەش حیزب پێکهاتبو لە٢٤-٢-١٩٨٩ لەیاداشتێکدا لیستێک لەقوربانیانی ئەنفالی گوندەکانی هەردو پارێزگای کەرکوک و سلێمانی بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتوەکان ناردوەو لەخاڵێکیدا هاتوە، ٤٥٦٠ منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا کەدەیانیان لێ مردون، منداڵانی شەش مانگ تا یەک ساڵی هەریەکەی بە ٥٠ دینار فرۆشراون.
(هەمان سەرچاوە، لا١٠٢).

بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٠١)ی ساڵی ١٩٨٩ کە نهێنی و زۆر بەپەلەی لەسەر نوسراوە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی هەواڵگری پارێزگای کەرکوک لە بەرواری ١٩٨٩/١٢/١٠ بۆ بەڕێوبەرایەتی موخابەراتی گشتی لە سەر داوای وڵاتی میسر (١٨) کچی ئەنفالکراوی کوردیان ڕوانەی یانە شەوانەکانی ئەو وڵاتە کردوە.، کە لە خوارەوە ناوەکانیان بەئیمزای بەڕێوبەری موخابەراتی پارێزگای کەرکوک لە بەرواری ١٩٨٩/١٢/٢٠ بەرزی کردۆتەوە. ئەمەش ناو وتەمەنی کچەکانە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گەلاوێژ عادل رەحیم | ١٧ ساڵ | 10 | عیسمەت قادر عەزیز | ٢٤ ساڵ |
| 2 | چیمەن نازم عەباس | ٢٣ ساڵ | 11 | نەجیبە حەسەن عەلی | ١٨ ساڵ |
| 3 | لەیلا عەباس جەوهەر | ٢١ ساڵ | 12 | حەسیبە ئەمین حەمزە | ٢٩ ساڵ |
| 4 | لەمیعە نازم عەباس | ١٩ساڵ | 13 | شلێر حەسەن عەلی | ٢٠ ساڵ |
| 5 | پەیمان شوکور مستەفا | ١٦ساڵ | 14 | شوکریە رۆستەم محەمەد | ٢٧ ساڵ |
| 6 | خۆراسان عەبدلله تۆفیق | ٢٠ساڵ | 15 | حەسیبە هیدایەت ئیبراهیم | ١٥ساڵ |
| 7 | قەدریە ئەحمەد ئیبراهیم | ١٧ ساڵ | 16 | سروە عوسمان کەریم | ١٧ ساڵ |
| 8 | گولیلک ئیبراهیم عەلی | ١٩ساڵ | 17 | کوێستان عەباس مەولود | ٢٦ ساڵ |
| 9 | خەولە ئەحمەد فخرەدین | ٢٥ ساڵ | 18 | سۆزە مەجید بەسیم | ٢٩ ساڵ |

(ئەنفال... دۆسیەی سەدە).



بسم الله الرحمن الرحيم

العدد/ ١٦٠١
التاريخ / ١٦/١٠/ ١٩٨٦

( سري وعلى الفور )

مديرية مخابرات محافظة التاميم

الى / مديرية المخابرات العامة

الموضوع / اجراء .

بعد الايعاز الصادر من لدن القيادة السامية موقعيا بعمليات الأنفال الاولى والثانية والتي تم فيها حجز مجاميع مختلفة من الأشخاص ومن تلك المجاميع مجموعة من الفتيات التي تتراوح اعمارهن بين ( ١٤ الى ٢٩ ) سنه وقد قمنا وحسب أوامركم بارسال مجموعة من تلك الفتيات الى ملاهي والنوادي الليلية لجمهورية مصر العربية وحسب طلبهم مرسلكم طيا قائمة بأسماء تلك الفتيات مع عمر كل واحدة منهن للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

| الاسماء | العمر |
|---|---|
| كلاويز عادل رحيم | ١٢ |
| جيهان ناظم عباس | ٣٣ |
| ليلى عباس جوهر | ٢١ |
| لميعة ناظم عمر | ١٩ |
| بيمان بكر صادق | ١٦ |
| خراسان عبدالله توفيق | ٢٠ |
| فريدة احمد ابراهيم | ١٧ |
| كولملك ابراهيم علي | ١٩ |
| خولة احمد فخرالدين | ٢٥ |
| عصمت قادر عزيز | ٢١ |
| نجيبة حسن علي | ١٨ |
| حسيبة امين حمزه | ٢٦ |
| طاهر حسن علي | ٢٠ |
| ذكرية رستم محمد | ٢٧ |
| حميدة عنايت ابراهيم | ١٥ |
| كويستان عباس مولود | ٢٦ |
| سروه عثمان كرم | ١٧ |
| سوزه مجيد بحيم | ٢٦ |

مديرية مخابرات محافظة التاميم
٢٠ / ١٢ / ١٩٨٦

لەبەر نەبونی داتایەکی دروست سەبارەت بە قوربانیان و جینۆساید کراوانی تاوانی ئەنفال، تائێستا نەتوانراوە ئامارێکی وردو دروست لەبارەی ژمارەو رەگەزی ئەنفالکراون، بەتەواوی بەدەست بخرێت و ئەو ژمارانەشی بڵاوکراونەتەوەو بڵاودەکرێنەوە برێک لەیەکدی جیاوازن.

## دوەم: قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە بەرزترین دەسەڵاتی بڕیار بو لەسەردەمی بەعس و سەددام حوسێن سەرۆکی بو، لە رێکەوتی ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ بڕیاری ژمارە ١٦٠ی دەرکرد و بە پێی ئەو بڕیارە پرۆسەی ئەنفال ئەنجامدرا. پێش دەستپێکی پرۆسەکە هێزەکانی سوپای عێراق ئازادبون لە تۆپبارانی ئەو ناوچانەی کە رژێم ناوی نابو ناوچە قەدەغەکراوەکان، هەروەها بەپێی بڕیارێکی عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئەو شتومەک و سامانەی لەئەنفالدا دەکەوێتە دەست جاشەکان موڵکی خۆیانە، جگە لە چەکە قورسەکان. (ئەنفال.. زامێکی سارێژ نەبو، سبەی).

بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆسەیەش رژێم هێزێکی گەورەو پڕ چەکی بەتازەترین و ترسناکترین شێوە بەکارهێنا، هێرش و پەلامارەکانی ئەنفال لەلایەن هێزە نیزامیەکانی هەردو فەیلەقی یەک و پێنجەوە ئەنجامدران، بە پاڵپشتی یەکەی فەیلەقەکانی تر کە لەبەری شەڕی ئێراندا نەبون، گاردی کۆماریش بەشداری قۆناغی یەکەمی ئەنفالی کرد، ئەو یەکانەی تریش کە بەشداریان کرد، هێزی تایبەت (قوات الخاصه) و هێزی کۆماندۆ (مغاویر) و هێزی کوت و پڕ (قوات الطواری). لەپاڵ هێزە سەربازیەکانی حکومەتی عێراق. (محەمەد رەئوف، قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال و زیانەکانی).

سوپای عێراقی بە هەموو توانا و قورسایەکی سەربازی وئیستخباراتیەوە پێکهاتبوو لە ٨ فەیلەقی نیزامی وهەر فەیلەقێک لە ٣ ـ٥ فیرقە و هەر فیرقەیەکیش لە ٣ـ٥ لیوا وهەر لیوایەکیش لە ٣ـ٥ فەوج وهەرفەوجێک لە ٣ـ٥ سریە پێک دەهاتن وژمارەی سەربازەکانی هەر سریەیکش لە٥٠سەرباز پێک دەهات ، ئەمە جگە لە فەیلەقێکی (حەرەس وەتەنی ـ پاسەوانی کۆماری) و بەپاڵپشتی هێزی ئاسمانی کە زیاتر لە ٦٠٠ فڕۆکەی جەنگی و١٥٠٠ هەلیکۆپتەری شەڕکەر و بارهەڵگر کە بەشداری کردووە ودەیان مەفرەزەی تایبەت ونهێنی وجۆراوجۆر بەشداربوون تەنها لەشاری هەولێر ٢٤ مەفرەزەی تایبەت کە ١١٥٤ (سوپەر جاش)ی لە خۆ گرتبوو لە شاری دهۆک (٥) مەفرەزەکە ١٧٧ (جاشی تایبەت)لە خۆگرتبوو لە شاری سلێمانیش ٢٦ مەفرەزە کە ٤٩٦ ( جاشی تایبەت)ی لە خۆگرتبوو لە سەرخستنی ئۆپراسیۆنەکان بەشیکی زۆری چەکدارانی کورد بە ناوی (جاش) ەوە بەشداری ئەم کارەساتە بوون و چاوساغی رژێمیان کرد کە زیاتر لە (٣٠٠ تا ٣٦٢) فەوجی جاشی بە ناو (دیفاع وەتەنی) کە لە (٢٥٠٠٠٠) دووسەد وپەنجا جاش پێک هاتبوون. (ئەنفال.. دۆسیەی سەدە).

بەمجۆرە پرۆسەی ئەنفال، لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکردو بەسەر هەشت قۆناغدا دابەشیکرد لەشەش ناوچەی جوگرافیا جیاوازدا، سەرجەم قۆناغەکانیش لە ٦ ی ئەیلولی ١٩٨٨ پاش روخاندنی هەمو گوندەکانی

کوردستان کۆتایی هات. قۆناغەکانیش بەمجۆرە بون:

- ئەنفالی یەک:

لە ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ دەستپێکردو و تاوەکو ١٩ئازاری ١٩٨٨ی خایاند. ئەم شاڵاوە بە هەێرشکردن بۆ سەر گوندەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵویی دۆڵی جافایەتی دەستپێکرد. ئامانجی ئەم هێرشە لە ناوبردن وێرانکردنی (٢٥-٣٠) گوندی دۆڵی جافایەتی بو، شاڵاوەکە سنوری شارۆچکەکانی (سورداش و دوکان بنگرد و سەرچنار و قەلاچوالان و و چوارتا)ی گرتەوە، سەرپەرشتیاری هێرشەکە لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بوو هێزە بەشداربووەکان پێکهاتبوون لە (٢٠) لیوا و (٦٠) فەوج جگە لە مانەش ٣٠ فەوجی سەربەخۆی موالیدەکانی ١٩٤٥، هەموو ئەو هێزانە زیاتر لە ١٠٠ هێرش و پەلاماریان بۆ ناوچەکە برد لە ئەنجامدا ئەم گوندو ناوچانەیان داگیر و وێرانکرد، ئەوانیش گوندەکانی (قەمچوغە، شاخە رەش، دۆڵە رووت، قزلەر، قەرەنگوێ، مەولان، قەرەسەرد، پیرباز، دۆڵی مازەلە، قەڵەم پاشا، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگرون، زێوێ، گەڕەدێ، دابان، مەرگەو شارستێن)، هەروەها ئەم گوندانەش وێرانکران لە هەمان هێرشەدا (سەرگەڵو، کە ٥٠٠ ماڵ بو، بەرگەڵو، کانی تو، چاڵاوە، یاخیان چوخماخ، یاخسەمەڕ، قەیوانی سەرو، قەیوانی خوارو، سنگر، میولاکە، گاپێلۆن، باڵخ، گوێزلی، هەڵەدن، سێکانیان، چالخ، قۆمەرغان، کوێرەکانی سیدەر و وڵاخ لو)بەر شاڵاوەکە کەوتن. لە گەمارۆدانی ئەنفالی یەک دا ٢٠٠-٢٥٠ کەس کوژران نزیکەی ١٦٠ کەس لەڕێگادا کە بەرەو ئێران رۆیشتن بە هۆی سەرماو بەفرو باران مردن. هەموو ئەو ناوچانەش کەئەنفالکران بونە ناوچەی قەدەغەکراوی هاتوچۆ. (ئەنفال.. زامێکی سارێژ نەبو، سبەی).

- ئەنفالی دوو:

ئەم پرۆسەیە لە ٢٢ی ئازار دەستپێکردو تا ١ی نیسانی ١٩٨٨ بەردەوامبو. ئەم هێرشە ناوچەی قەرەداغی گرتەوە، لە تەکیە، سێوسێنان، سەگرمە، دەربندباسەرە، قۆپی قەراغ و چەند شوێنی تر، گشت گوند و ئاوەدانییەکانی ئەم ناوچە جوگرافیایەی گرتەوە. وەکو نەریتی خۆی رژێم سەرەتای هەر قۆناغێکی ئەنفال بە هێرشی کیمیاوی دەستی پێدەکرد، بۆیە شەش رۆژ دوای کارەساتی هەڵەبجە لە ٢٢/ ٣ / ١٩٨٨ گوندی (سێوسێنان) بەسەختیو بە شێوازی بەعسیانە درایە بەر کیمیاوی. بۆیە ئەم چەکە بو بەسامناکترین چەک کە دژی کورد بەکار بهێنرێت، ئەم هێرشە بە دەستپێکی قۆناغی دوەمی ئەنفال دائەنرێ، لەئەنجامی ئەم کیمیابارانەدا وێڕای زیانێکی مادی زۆر، بو بەهۆی شەهید بونی زیاد لە (٦٦) کەس و بریندار بونی دەیانی تر لە ناو شەهیدەکاندا (٣٠)یان مناڵ بون. پاش ئەوەی رژێم ئەم ناوچەیەی داگیر کردبو سەرجەم

گوندەکانی ئەم ناوچەیەی روخاند کە نزیکەی (٨٠) گوندو (٢٢٤١) خانو کە (١٢٢٥٤) کەس لەم ناوچەیەدا دەیان، نزیکەی (٥٦٣٧) کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و سەرنگوم کران. (قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال و زیانەکانی، پەیسەر).

لە ئەنفالی قەرەداغدا ئەو هاوڵاتیە کوردانەی کە گیران یان خۆیان دا بە دەستەوە، بۆ سەربازگەی (قۆڕەتوویان) گواسترانەوە، کە نزیکەی هەشت هەزار کەس بوون لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج، پاشان گواسترانەوە بۆ سەربازگەی (تۆبزاوە لە نزیک کەرکوک). لەوێ گەنجەکان لەوانی تر جیاکرانەوە بەرەوشوێنی نادیار ڕەوانەکران، خەڵکەکەی تر لەژن و منداڵ وکچی گەنج خرانە زیندانەوە، بەڵام پیرەژن و پیرەمێردەکان بۆ(نوگرەسەلمان)ی بیابانی سەماوە گواسترانەوە، کە لەوێ ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لە برسان و تێنوێتی و نەخۆشی دەمردن و تەرمەکانیان فڕێدەدرانە دەرەوی زیندانەکە.(کارەساتی ئەنفال).

- ئەنفالی سێ:

ئەم قۆناغە لە ٧ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ بەردەوام بو، ناوچە جیاوازەکانی گەرمیانی گرتەوە. ئەم قۆناغەی ئەنفال بە پڕ زیانترین و ترسناکترین پرۆسەی ئەنفال دادەنرێت کە زۆرترین مرۆڤی کوردی تیادا ئەنفالکرا، سنوری ئەم ناوچەیە لە رۆژئاواوە شارێی نێوان شاری پڕنەوتی کەرکوک و شارۆچکەی دوزخورماتوە، لە باکورەوە رێگای کەرکوک – چەمچەماڵ، لەلای رۆژهەڵاتەوە چیاکانی قەرەداغ و لە باشوریشەوە هەرسێ شارۆچکەی کەلارو کفری و پێبازە ئەم هێرشە بەکاریگەرترین و کوشندەترین و بەزیانترین هەڵمەت دادەنرێت ئەمیش بۆسەر ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دوز، کفری، کەلار، بێباز، تیلەکۆ و بەشێک لە ناوچەی ئاغجەلەر)، ئەم ناوچانە سەر بەهەرسێ پارێزگای (کەرکوک، سلێمانی، دیالە) بون، ئەمیش فراوانترین هێرشی ئەنفال بو کە پتر لە (٥٠٠) گوندی گرتەوە سەرەڕای تەختکردنی ٤ ناحیە. لە رۆژی (١٩٨٨/٤/١٤) لوتکەی هێرشی ئەنفال بو، لەم رۆژەدا بەپێی خەمڵاندنی (کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال) نزیکەی (٢٠)هەزار لە ژن و پیاو و پیرو مناڵ کۆکرانەوەو بەئیڤای سەربازی و تراکتۆری گوندنشیەکان رەوانەی قەڵا سەربازیەکەی (قورەتو) کران و لەوێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار رۆیشتن، هەر بۆیە ئەم رۆژە کرا بەرۆژی (ئەنفالەکان). (ئەنفال.. زامێکی سارێژ نەبو).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی دوژمن گەرمیانی بەناوچەیەکی پڕ لەمەترسی ئەزانی و ئەو هێرشە بەرفراوانەی بۆ ئەنجامدا؟

١. لەبەر ئەوەی تیپەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە زۆر چالاک بون.
٢. نزیکی بیرە نەوتە کانی (کەرکوک، تکریت ، دیالە) لەو ناوچانە.
٣. گەڕانەوەی هێزی پیشمەرگە بۆ ئەو ناوچەیە لەدوای ئەنفالی یەک.

لەبەر ئەم هۆکارانە دوژمن بەبەرنامەیەکی تۆکمەو بەنەخشەیەکی چرو پڕی عەسکەری هێرشی بۆ ئەو ناچەیە لە چەند لایەکەوە دەست پێکرد و بازنەیەکی عەسکەری بەچوار دەوری گەرمیاندا دروست کرد، دوژمن پرۆسەی ئەنفالی سێی بەشێوەیەکی دڕندانە لە سەدا سەد لەگەرمیان جێبەجیکرد ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکی سڤیل بەزەحمەت قوتاریان بوو.

لەم هێرشەی قۆناغی سێیەمدا یەک گوند لە گەرمیاندا بە پێوە نەماو روخێنرا، خەڵکەکەشی بەزۆری لەقادر کەرەم کۆکرانەوەو پاش تەواوبونی ئەم قۆناغە (عەلی حەسەن مەجید و بارق و سوڵتان هاشم) هاتن بۆ سەیری ئەو گیراوانەی کە لە قادر کەرەم کۆکرابونەوە. چەند رۆژێک تەلەفیزیۆنەکانی رژێم ئەم دیمەنانەی پیشانی ئەدان. (محەمەد رەئوف، سەرچاوەی پێشو).

لەهۆی زۆری ژمارەی قوربانییەکانی ئەم قۆناغە، بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ژمارە ١٠١٤ لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ ژمارەیەک ئەفسەر و فەرماندەی سەربازی و سەرۆک جاش مەدالیای ئازایەتییان لەلایەن سەدام حوسێنەوە پێ بەخشرا لە پاداشتی بەشداری کاریگەرانەیان لە ئەنفالی سێدا. (قۆناغە رەشەکەی ئەنفال چۆن رویدا).

- ئەنفالی چوار:

لەبەرواری (٢٠-٤-١٩٨٨) بۆ (٥-٥-١٩٨٨) ڕژێم بەپلانێکی تۆکمەو هێزێکی بێشوماری پڕچەک بەتانک و تۆپ و چەکی کیمیایی، هێلی کۆپتەر هێرشێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی بەکیمیابارانکردنی بۆ سنوری عەسکەر و گۆپ تەپە دەست پێکرد، هەر لەو پەلامارەدا هێزێکی گەورەی سوپاو جاش هێرشیانکردە سەر میحوەرەکانی چەمچەماڵ و ئاغجەلەرو شوان و پردێ و تەقتەق و کۆیە و قوشتەپە کرانە ئامانج، هەر لەدرێژەی ئەو پەلامارەدا لەبەرواری (٣-٥-١٩٨٨) کیمیابارانی (مایلەسەرچما، شێخانە، کەڵەشێرە، چەمی ڕێزان، قوچەبڵاخ، زەرزی) یان کرد. لەبەرواری (٤-٥-١٩٨٨) سوپای عێراقی بەسەر پەرشتی (نزار خەزرەجی) هێرشێکی بۆسەر ناوچەکانی (قەڵاسێوکە، شوان، شێخ بزێنی سەرو خوارو، دەشتی کۆیە، دۆڵی بازیان، زەرزی و چەند گوندێکی دۆڵی سورداش) دەست پێکردو لەوێش هێزەکانی رژێم روبەڕوی بەرگری هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بونەوە.

بەگشتی لەم قۆناغەدا نزیکەی ١٠ هەزار کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و نزیکەی حەوت هەزار کەسیان لەبیابانەکانی خوارو ناوەراستی عێراق کۆمەڵکوژکران. (مەلا شاخی، لا٢٢)

- ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت

ئەم قۆناغە لەدۆڵی چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندوزەوە دەستیپێکردو لە ١٥ی ئایار تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ بەردەوام بو.ئەم پەلامارەش بەسەرپەرشتی فەرماندەی فەیلەقی (٥)و سەرپەرشتیاری ئەم قۆناغەی ئەنفال (یونس محمد زەرب) بو. (محەمەد رەئوف، سەرچاوەی پێشو).

سەرەتای هێرشەکە لە (١٥ی ئایاری ١٩٨٨) بوو، کە دوا ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو. چەند فرۆکەیەک کەوتنە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (وەرە، نازەنین، کاموسک، سپیندارە، عەلیاوە، سماقولی)، بووە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان و مرداربوونی ئاژەڵەکانیان. توندترین هێرشی سوپای عێراق بۆ ناوچەی دۆڵی بالیسان بوو، بەڵام زیانی گیانی بە بەراورد لە گەڵ هێرشەکانی پێشو کەمتربوو، چونکە زۆربەی ئەو ناوچانەی سەر بە پارێزگای هەولێر چۆڵ کرابوون، خەڵکەکەی ڕاگوێزرابوون. گەورەترین زیان لەم ناوچەیە بەر گوندی بلەی خواروو کەوت، خەڵکەکەی شوێن بزر کران، لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران شاڵاوی ئەنفالی پێنج کۆتایی هات. (قۆناغەکانی ئەفال و هەڵوێستەکانی حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشو)

سەرەتای ئەنفالی شەش لە (٢٦ی تەمووز) بە بۆردومانکردنی ناوچەکانی (دۆڵی بالیسان و دۆڵێ مەلەکان و دۆڵی وەرتێ و دۆڵی هیران و سماقولی) بە چەکی کیمیاوی دەستی پێکرد خەڵکەکەی دەرپەڕاند، پاشان لە لایەن حکومەتەوە ناوچکە دەگیرکرا، داواشیان لە خەڵک کرد خۆیان بە دەستەوە بدەن، لێبوردنی گشتی هەیە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکە هەڵخەڵەتان، خۆیاندا بە دەستەوە، دوای گرتنیان شوێن بزر کران. لەمیانەی شاڵاوەکانی ئەنفالەکانی (٥، ٦، ٧)، (٥٢) گوند لە ناحیەی (خەلیفان و رەواندوز و خۆشناو) وێرانکران، کە سەرجەم خێزانەکانیان (٢٦٠٢) بوو. (قۆناغەکانی ئەنفال، سەرچاوەی پێشو).

- ئەنفالی هەشت

ڕژێمی بەعس لە ٣١-٨-١٩٨ لەدوا بەرنامەی زنجیرەی پەلامارەکانی پرۆسەی ئەنفالدا پەلاماری سنوری بادینانیدا. سەرەتا هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی (ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، زاخۆو دهۆک) لە ئامێدی سێ گوند، لەشێخان ١٩ گوند، لەزاخۆ١٠ گوند، لەدهۆک ٦٣ گوندیان تاڵان و خاپور کرد. لەم شاڵاوەدا زیاتر لە (١٦٠٠٠) هەزار کەس سەریان هەڵگرت و ئاوارە بون بۆ سنورەکانی وڵاتی (ئێران وتورکیا). زیاتر لە

(١٣٠٠٠) کەس دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا دەربازبن دەستگیر کران و ڕەوانە قەڵای (نزار کێ) کران لە دهۆک. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانیان بەبلۆک شەهید کران و هەندێکیان گولەباران کران پیاوەکانیشیان شوێن بزر کران. (ویسی سالّح محمد امین ... لا٤٠).

## سێهەم: لێکەوتەو زیانەکانی پرۆسەی ئەنفال

ئامانجی بنەڕەتی پرۆسەی ئەنفال قڕکردنی مرۆڤی کوردو بڕانەوەی و مەترسی سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی بۆهەتا هەتایە .لەم پرۆسەیەشدا زیانێکی زۆر بەرهاوڵاتیانی کوردگەیشت چ لەسەر ئاستی زیانی گیانی، چی لەسەر ئاستی زیانی مادی، کەلێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

❖ جۆری زیانەکان

زیانەکانی تاوان و شاڵاوەکانی ئەنفال، بەچەند جۆرێک دیاریکراون لە دیارترینیان (زیانی مرۆیی، زیانی دارایی کەسی، زیانی ژینگەیی، زیانی ناڕاستەوخۆ، زیانی پڕۆژەی جۆراو جۆری گشتی، زیانی کشت و کاڵی و ئاژەڵداری، زیانی دراو، زیانی زێڕو زیو، زیانی کۆمپانیاو بەڵێندەرایەتی"، کە بە نۆ زیان دیاریکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا حوکمەتی عێراقی ئەم کردەوانەی ئەنجام داوە:

١. بە کۆمەڵ کوشتنی ٥٠ هەزار بۆ ١٠٠ هەزار کەسی مەدەنی بێ چەک کە لە نێوانیان دا ئافرەت و منداڵیش هەبون. بەڵام سەرچاوە کوردییە فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەکە ١٨٢ هەزار کەس دەکەن.
٢. داتەپینی ژێرخانی ئابوری کوردستان، لەڕێگای وێرانکردنی گوندەکان و کێڵگە کشتوکاڵیەکان بەتاڵانبردنی سەرو ماڵ و سامانی ئاژەڵی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان بەم جۆرە:
   - ✓ وێران کردنی نزیکەی (٤٥٠٠)گوند، (٤)قەزا، (٣٠) ناحیە. (محمد رەئوف، سەرچاوەی پێشو)
   - ✓ شێواندنی رواڵەتی ئاژەڵداری و بەتاڵان بردنی نزیکەی دو ملیۆن سەر مەڕو ماڵات و ئاژەڵ. (هەمان سەرچاوە)
   - ✓ لەناوبردنی ١٧٥٤ قوتابخانە، ٢٧٠ نەخۆشخانە، ٢٤٥٠ مزگەوت و ٢٧ کلێسا.

- ✓ لەناوبردنی روبەرێکی فراوان لە باخ و رەزو چەم و پەیڕەوکردنی سیاستی زەوی سووتاندن، بە کیمیاباران و ژەهراویکردنی سەرچاوەکانی ئاوو سرینەوەی هەموو شوێنەوارێکی ژیان لەم ناوچانەدا.
- ✓ لەناوبردنی بنەماکانی ژیانی گوندنشینەکان و نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان و گۆڕینی تاکی کوردی لە بەرهەمهێنەوە بۆ بەکاربەر، کاری کردە سەر دابەزاندی ئاستی بژێوی دانیشتوانە ڕزگار بوەکە. (ئەنجامەکانی ئەنفال و کاریگەریەکانی لەسەر کوردستان).

❖ خەملاندنی زیانەکان

بە پێی خەملاندنێک کە لەلایەن لیژنەیەکی راسپێدراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە سەرتاسەری سنووری جوگرافی شالاَوەکانی تاوانی ئەنفال، زیانەکان بەم شێوەیەیی خوارەوە دیاریکراوە:

١. زیانی خێزان "دارایی" بە لەبەرچاوگرتنی هەموولایەنەکانی گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە خێزانەکانی بەرکەوتووی شالاَوەکانی تاوانی ئەنفال و زیانە ئابورییەکانیان وەک "کشت و کاڵ، سامانی ئاژەڵ، بازرگانی، کەرەستەو ئامێری جۆراو جۆر، پێداویستیەکانی ناوماڵ، زیانی زێرو دراوو زیو"، ئەم زیانەش بە "٨٢٠، ٣٢٩، ٨٢٠، ٥" دۆلار، "پێنج ملیارو هەشت سەدو بیست ملیۆن و سێسەدو نۆزدە هەزارو هەشت سەدو بیست دۆلار."
٢. کۆی زیانلێکەوتوانی شالاَوەکانی تاوانی ئەنفال، کە پێویستە حکومەتی عێراقی بە کەس و کاری قوربانیەکانی بدات، بە بڕی "٨٠٠٠٠٠٠٠٠٠" هەشت ملیار دۆلار خەملێنراوە.
٣. ئەو بڕەی وەک قەرەبو لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، قەرەبوی زیانی "شەهید وەک کەسی، ژینگە، زیانی ناڕاستەوخۆ، زیانەکانی موڵکەکانی حکومەت ناگرێتەوە"، کە لەلایەن خودی حکومەتی عێراقی خۆیەوە وێران و خاپور کراون و تێکدراون.

هەروەک (د. کەنداڵ نزان) دەربارەی شالاَوەکانی ئەنفال دەنوسێ (لەشالاَوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لەکوردستان هەڵتەکێنران، دوای ئەوەی ئەو هستریا شێتانەی جینۆسایدی کورد کۆتایی هات (٩٠%) ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە (٢٠) شارو شارۆچکە لەسەر نەخشە سڕانەوە، ناوچە گوندنشینەکان بە (١٥) ملیۆن مین مینرێژکران، بەم جۆرەش چالاکی کشتوکاڵی لە ناوچانەدا کارێکی ئەستەم بو (١،٥) ملیۆن

کوردی گوندنشین بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی (١٠%) ی کوردی دانیشتوانی عێراق لە نێوبران. (محمد رەئوف، پاکیزەکانی ئەنفال، لا٤٣). **بەمەش نزیکەی** (٧٧٢٩)کم دوجار لە **رووبەری هەرێمی** کوردستانی عێراق تووشی شالاوەکانی ئەنفال بووەوە.(ئەنفال.. دۆسیەی سەدە، سەرچاوەی پێشو).

لەبارەی زیانەکانی ئەنفال، ڕێکخراوی (میدڵ ئیست ووچ) دەڵێت:"لەپرۆسەی ئەنفال لە ٢٣ ی شوباتەوە تا ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ی خایاند، لە ماوەیەدا فراوانترین ناوچەی کوردستان بەر شالاوی تێکدان وراپێچان کەوت و پتر لە (٢٠٠) هەزار مرۆڤی کورد لەو شالاوەدا بونە قوربانی(محمد رەئوف، پاکیزەکانی ئەنفال، لا٤١) هاوکات ئەنفال بوە هۆی وێرانکردنی نزیکەی (٤٠٠٠) گوند و (٤) قەزا و(٣٠) ناحیە و(٣١٠٠) مزگەوت و(١٠٠) کلێسا، لەروی گیاندارییەوە بووە هۆی بە تالان بردنی (٢) ملیون سەر مەڕوماڵات و ئاژەڵ وە کاریگەری لە سەر ژینگەی کوردستانیش بووە هۆی لە ناو بردنی رۆبەرێکی فراوان لە باخ و ڕەز وچەم. (هەمان سەرچاوە، لا٤٣).

سەرئەنجام، وەک دەبینین سەرەرای تێپەربونی ٣٣ ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفال و ١٨ ساڵ بەسەر روخانی رژێمی بەعسدا، سەرەرای بونی بریاری حکومەتی ناوەند بۆ قەرەبونی کەسوکارو و زایانلێکەوتوانی کارەساتی ئەنفال، بەلام تا ئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوان قەرەبو نەکراونەتەوە.

## چوارەم: ژمارەی ئەو گوندانەی بەر شالاوی کۆمەڵکوژی و راگواستن بونەوە لەکوردستاندا

| پارێزگا | شارو شارۆچکە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| هەولێر | کۆیە | ٨٣ |
| سەلاحەدین | خورماتو - نەوجول | ٣٧ |
| سلێمانی | قەرەداغ | ٤٩ |
| کەرکوک | چەمچەماڵ- شوان | ٤٩ |
| کەرکوک | چەمچەماڵ- سەنگاو | ٥٢ |
| کەرکوک | چەمچەماڵ- ئاغجەلەر | ٧٦ |
| سلێمانی | کەلار- تیلەکۆ | ٤٤ |
| سلێمانی | کەلار- پێیاز | ٣٩ |
| کەرکوک | چەمچەماڵ- قەرەحەسەن | ٢٧ |
| سلێمانی | سورداش | ٣٤ |

| | | |
|---|---|---|
| دیاله | کفری_ سەرقەلا | ٢٣ |
| کەرکوک | چەمچەماڵ- قادر کەرەم | ٨٥ |
| سلێمانی | چوارتا- ماوەت | ١٠ |
| هەولێر | شەقڵاوە- بالیسان | ١٣ |
| دهۆک | ئامێدی | ٢٣ |
| دهۆک | ئاکرێ | ٣٥ |
| موسڵ | شێخان | ١٩ |
| دهۆک | زاخۆ | ١٠٠ |
